# ڕەمز لەشیعرەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا

م. ی. ژوان عبدالسلام عزيز

زانکۆی سەڵاحەددین /کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە

## الملخص:

دراستي هذه الموسومة ب "**الرمز في شعر موفتي بينجويني**"، كما هو متعارف عليه أن الرمز في الاصطلاح الأدبي هو علامةٌ تُعتبر ممثِّلة لشيء آخر ودالَّة عليه، فتُمثِّله وتحلّ محلّه، ويستعمله الأديب خروجاً من المباشرة إلى عوالم فنية ولغاية جمالية. وعرف عند شاعرنا البينجويني كثرة استخدامه للرموز وتنوع في انماط رموزه الشعرية.

تأتي أهمية بحثي الموسوم " الرمز في شعر موفتي بينجويني " إلى دور الرمز في شعر الشعراء المعاصرين ولاسيما عند البيجويني، وبالتالي تأتي أهمية هذا البحث في بيان اثر هذه الرموز وتأويلاتها ودلالاتها ومعانيها، وكذلك تكمن أهمية البحث في اظهار دور الرمز واثره عند المتلقي وما تتركه من اثر فني وجمالي في التشكيل الشعري. واهمية هذا البحث تمكن في أنه الدراسة الأولى في البحث عن الرموز الشعرية للشاعر الكوردي (البيجويني) والعمل على تحليلها. وعليه ارتأيت أن المنهج (الوصفي التحليلي) المنهج الملائم لدراستي هذه.

ولهذا جاء المبحث الأول من هذه الدراسة عن انواع رموزه الشعرية ومنابع تلك الرموز ومنها: الأسطورية، التاريخية، والأدبية.

ولم يتوقف ابداع بينجويني بالإشارة لتلك الرموز فحسب؛ وانما ابدع في اساليب استخدامه لرموزه الشعرية ايضاً. وهذا ما تناوله المبحث الثاني من الدراسة، تحت عنوان الرموز الشخصية والإبداعية.

وجاءت خاتمة البحث بذكر لأبرز النتائج التي تم التوصل اليها.

## پــێــشــەکـــی:

ڕەمزی شیعریی ئاماژە کردنێکە بە ناڕاستەوخۆ؛ وەرگر بە دیوی ناوەوەی واتاکان ئاشنا دەکات، ڕەمز لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان دانەبڕاوە بەڵکو پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، شاعیرانیش زۆر لێهاتووانە ڕەمزیان لە دەقە شیعرەکانیاندا بەمەبەست و هۆکاری جیا بەکاریانهێناوە تاوەکو دەربڕین لە هەستە جۆشدراوەکانی ناخیان بکەن، ئەمەش دەبێتە سەرنجراکێشان و تێڕامان لای وەرگر.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ڕەمز لای شاعیران لە بەکارهێنانیدا و لای خوێنەرانیش لەشیکردنەوە و کرانەوەی کۆدەکاندا، شاعیر (موفتی پێنجوێنی)یش یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە دەستێکی باڵای لە بەکارهێنانی ڕەمزدا هەبووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەسەر ئەم بابەتە (ڕەمز) لەشیعرەکانی ئەم شاعێرە هیچ توێژینەوەیەک نەکراوە و لێی نەکۆڵدراوەتەوە، بۆیە بەپێویستم زانی ئاورێک لەم بابەتە بدەمەوە و لێی بکۆڵمەوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ئەو ڕەمزانەیە کە شاعیر (موفتی پێنجوێنی) لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکاریهێناوە؛ بیخەمەڕوو و شیکاری بکەم، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و دوو تەوەر، بەمشێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: سەرەتایەک دەربارەی ڕەمز لەخۆدەگرێت لەگەڵ سەرچاوەکانی ڕەمزی شیعری لەدەقە شیعرییەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا، لە تەوەری دووەمیشدا ئاماژەمان بە جۆرەکانی ڕەمز (خودی و بابەتی) لەدەقە شیعرییەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا کردووە.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانی عربی و ئینگلیزی خراونەتەروو.

## تەوەری یەکەم : سەرەتایەک دەربارەی ڕەمز:

### ١-١: زاراوەی ڕەمز:

ڕەمز زاراوەیەکە وەک زۆربەی زاراوەکانی تر لەزمانی بێگانەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی و لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەڕێژەیەکی بەرچاو سواوە و چەسپاوە، بۆیە دەتوانرێت بەزاراوەیەکی کوردی سەیر بکرێت.

ڕەمز بەواتای ((نیشانە، نیشان، هێما، دروشم))[١] دێت. هەریەک لەم وشانە واتای تایبەت بەخۆی هەیە، (نیشانە و نیشان) واتای ئاماژە کردن و دیاریکردنە، (دروشم) زیاتر بۆ ڕیکلام و بوارە جیا جیاکان لەوانە: (ئایینی، سیاسیی،....هتد) بەکاردێت، بەڵام بە وردبوونەوە لەوشەی (هێما) ئەوا زیاتر بەواتای ڕەمز دێت.

ڕەمز خۆی زاراوەیەکی عەرەبییە، بەڵام زۆر جاریش (سمبول- Symbol) بەواتا ڕەمز لەژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی و لەبواری ئەدەب بە گشتی و لە ئەدەبی هاوچەرخدا بەتایبەتی زۆر بەکارهاتوون و بەکاردەهێنرێن.[٢] ئەمەش بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی واتاکان لەلایەک و گەیاندنی پەیام و سەرنجڕاکێشانی وەرگر لەلایەکی تر.

### ١-٢: چەمکی ڕەمز:

ڕەمز دیاردەیەکە لە زووەوە لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا بەکارهێنراوە بۆیە نووسەران بەچەندین شێوە و تێروانین و بۆچوونی جیا جیاو لە گۆشەنیگای خۆیانەوە پێناسەی (ڕەمز)یان کردووە، لەوانە: ڕەمز لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بەوە پێناسەکراوە کە((دەنگ لێوەهاتنێکی نزم وەک دوان و جولاندنی لێو بەوتەی تێنەگەیشتوو، یان ئاماژەکردنە بەچاو و برۆ و دەم))[٣] واتە بەنهێنی درکاندن و گەیاندنی پەیام بە ڕێگەی رووخسار.

لە پێناسەیەکی تریشدا هاتووە کەوا ڕەمز بریتییە لە ((بەکارهێنانی وشەیەک یا دەستەواژەیەک کە لە دووتوێی دا مەبەستێک خۆی حەشار دابێت، جگە لە واتا ڕووکەشەکەی خۆی))[٤] واتە ڕەمز دوو واتا لەخۆ دەگرێت واتایەکی شاراوە کە پەیامێکی شاراوە و نادیار لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ واتایەکی ئاشکراو ڕوون کە هەموو کەس لێی تێ دەگات.

یان ((ڕەمز هەموو هێمایەک یا نیشانەیەکی هەستپێکراو، کە شتێکی تری لەبەرچاو نەبوو بخاتەوە یاد))[٥]ڕەمز شتە نەوتراوەکان دەخاتەوە یاد ئەمەش بە هەستکردن لەڕێگەی وشە ڕووکەشەکانەوە دەبێت. یان دیوە نەوتراوەکان بە ڕەمزی سەرنجڕاکێش و جیا جیا دەخەنەوە پێش چاو. لەبەر ئەوەی ((تێڕوانینی هەر ڕەمزێک لە هەر دەقێکی ئەدەبییدا خۆمان لەبەرامبەر وێنەیکی دەوڵەمەند لە واتادا دەبینینەوە، کە ئەگەری زۆری لێکدانەوەو تێگەیشتن دەگرێتە خۆی))[٦] واتە بۆ گەیشتن بە واتای وشە ڕەمزییەکە پێویستە خوێنەر بە وردی شیبکاتەوە، شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەر خوێنەرێکیش لەگەڵ خوێنەرێکی تردا جیایە لەبەرئەوەی خاوەن بیرکردنەوە و ژینگەی جیان.

بۆیە ڕەمز لە ئەدەبدا بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە ((ئامادەکردن بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستیی یاخود ژیریی دەگەیەنێ بۆ مانایەکی دیاری نەکراو بە وردی و جیاواز بەپێی خەیاڵی نووسەر و خوێنەرانیش جیاوازن لە تێگەیشتن و دەرکپێکردنی مەوداکەی بەپێی ئاستی ڕۆشنبیرییان و ناسکیی هەستیان))[٧] هەر ئەمەشە وایکردووە شاعیران لەهۆنینەوەی شیعرەکانیاندا بەڕێژەکی بەرچاو بەکاریبهێنن چونکە ((شیعر بۆ سرووشتی یەکەمی دەگێڕێتەوە، هەروەها شیعر لە بنچینەی مەبەستەکانیدا گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆی شتە واقعییەکان نییە بەڵکو گوزارشتکردنە لێیان بە ڕێگەی وێنەیی و ئاماژەیی))[٨] بە مەبەستی گەیاندنی خوێنەر بەو دونیایەی کە شاعیران خۆیان مەبەستیانە پێی بیگەیەنن.

بەمشێوەیە ڕەمز بریتییە لە بوونی دوو واتا لە یەک وشەدا، واتای ڕووکەش و واتای ناوەوە کە بە لێکۆڵینەوە لێی بە خواست و مەبەست دەگەین. واتە ڕەمز لەنێو دەقە ئەدەبییەکان بەگشتی و دەقە شیعرییەکان بەتایبەتی دوو واتا لەنێو یەک وشەدا هەڵگیراوەو دەبەخشێت، ئەو واتایەی کە لەنێو ناوەڕۆکەکەی هەڵگیراوە جیاوازە لەو واتایەی کە لە ڕووکەشەکەیدا دەبینرێت، واتا دیاردەکە ئەوەندە پێویستیی بەشیکردنەوە و لێکدانەوە نییە وەک ئەو واتایەی کە لە دوو توێی ناوەوەی دەقەکەدا هەڵگیراوە لەبەر ئەوەی وشەکان لە واتای فەرهەنگی خۆیان لایانداوە و ڕەمزو دەلالەتی نوێیان پێ بەخشراوە، ئەمەش زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ گەیشتن بەم دەلالەتانە. جا بۆ ئاشنابوون بەم واتا شاراوانەش پێویستە بە وردی شیبکرێتەوە، دواجار بەمەبەستی شاعیر دەگەین.

### ١-٣: ڕەمز لە شیعری کوردیدا:

ڕەمز لە شیعری کوردیدا نوێ نییە؛ هەر لەسەرەتای ئەدەبییاتەوە هەبووە بەڵام بەو شێوە فراوانە نەبووە کە لەم سەردەمەی ئێستادا هەیە. بارودۆخی ژیانی کوردیش یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ زیاتر ناساندنی ڕەمز و بەکارهێنانی زیاتر لەلایەن شاعیران هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ((ئەو زەمینەیەی بەدرێژایی قۆناغەکان و لەئاکامی نەبوونی سەربەستی دەربڕین، دروستبوو، ڕێگەی ناڕاستەوخۆیی و لێڵی کردە ڕێگەیەکی بەردەوامی شێوازی نووسین))[٩] هەر ئەمەشە وایکردووە ڕەمز زیاتر لەلایەن شاعیرانەوە بەکاربهێنرێت تاوەکو ئەوەی لە دڵ و دەروونیاندا پەنگی خواردۆتەوە بەشێوەی ناڕاستەخۆ دەربڕن؛ لە هەمان کاتدا تاوەکو خۆیان ((لە مەترسییەکانی ئەو بارودۆخە نالەبار و دژوارە))[١٠] بپارێزن.

شیعری کوردی دەوڵەمەندە بە ڕەمز؛ شاعیران کەرەستەکان لە واقیع وەردەگرن و بە بەخشینی دەلالەتی نوێ و هەستە ناسکەکانیان شیعرەکانیان بە ڕەمزە جوان و ناوازەکان دادەڕێژن. بەمشێوەیە ((ڕەمز لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەق ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو

دەبینێت، لە ڕێی بەخشینی ماناو دەلالەتی نوێ بە شتەکان))[11] لەبەرئەوەی ڕەمز لەنێو هەر دەقێکی ئەدەبیدا جۆرێکە لەسازدانی پردێکی پەیوەندی لەنێوان دەق و وەرگر، بەشێوەیەک ڕەمز بەهۆی پەردەپۆش کردنی زمانی ڕاستەخۆ، خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگر بەجێ دەهێڵێت، تا لایەنە هونەرییەکەی بەهێزتر بێ ئەوا کاریگەرییەکەی بەهێزتر دەبێ، بەشێکی ئەم هونەریی بوونەش دەکەوێتە سەر تەمومژ بوونی دەق، چونکە بە ناڕاستەوخۆ پەیامەکە دەگەیەنێ و ئەم ناڕاستەخۆیەش نائاسایی بوون دێنێتە کایەوە و شیعرییەتی خودی ڕەمزیش لەوەدایە کە سەرچاوەی هێزی زمانی شیعرییە[12]. واتە زمانی شیعری بووەتە گەیەنەرێک بۆ گواستنەوەی کەرەستەکانی ژیان و گۆڕینی بۆ ڕەمز و بەخشینی دەلالەتە جیاوازەکان لە شیعردا.

**١-٤: هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز:**

شاعیران بۆ بوونی هۆکاری جیا جیا ڕەمزیان لەدەقە شیعرییەکانیاندا بەکارهێناوە، ڕەمزیان کردۆتە ڕێگایەک بەمەبەستی گوزارشتکردن لەهزرو هەست و سۆزەکانیان، لەگەڵ بوونی ئەم هۆکارانە، هۆکاری تری بەکارهێنانی ڕەمز هەن بەشێوەیەکی گشتی بریتیین لە:

١. **بۆ مەبەستی ئیستێتیکی:** شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونەکەی بەرز و داهێنەرانە بێت، پەنا بۆ **ڕەمز** دەبات، لەبەر ئەوەی ئیستاتیکا بەشێوەیەکی هونەری گوزارشت لە شتەکان دەکات؛ بۆیە زۆربەی جار وەک پێوانەیەک لە هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتوویی شاعیر پشتی پێ دەبەسترێت.

٢. **هۆکاری ڕامیاری:** شاعیران بەهۆی ترسیان لە دەسەڵات بە ڕەمز شیعرەکانیان دەردەبڕن، تاوەکو لە کێشە و ئاریشە بەدوور بن. هەر ئەم هۆیەشە شاعیران لە زووەوە ڕەمزیان لەشیعرەکانیان بەکارهێناوە.

٣. **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** هەندێ جار داب و نەریتی کۆمەڵگا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەربڕین و گەیاندنی پەیام بە ڕاستەوخۆ، بۆیە شاعیر پەنا بۆ ڕەمز دەبا تاوەکو ئەوەی مەبەستییەتی بەهۆیەوە دەرببڕێت.

٤. **هۆکارە دەروونییەکان:** باری دەروونی شاعیر و پابەند بوونی بە وەهم و خەیاڵ و گوزارشتکردن لە هەندێ باری ناوەوەو نەست و بابەتی شاراوە ڕەمز لە شیعرەکانیان بەکاردەهێنن.

٥. **هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان:** شاعیر بۆ دەرخستنی توانا و ڕۆشنبیریی خۆی شتێکی نوێ دەنووسێت، واتە بەهۆی بەکارهێنانی ڕەمز لەشیعرەکانیدا ئاستی لێهاتوویی و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی بە وەرگرەکانی پێشان دەدات.[13]

هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لەشیعردا ئەگەر چی بۆ پاراستنی شاعیران بووە لەلایەک و لەلایەکی تر بۆ دەرخستنی تواناو لێهاتوویی خۆیان بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم ڕەمزانە شیعریان جوانترو سەرنج ڕاکێشتر و پڕ بەهاتر و بەهێزتر کردووە.

**١-٥: سەرچاوەکانی ڕەمزی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا:**

شاعیران بەمەبەستی داهێنان لەنێو دەقەکانیاندا پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕەمز دەبەن بەشێوەیەک کە ببێتە سەرچاوەی سوود بۆ وەرگر، (موفتی پێنجوێنی)یش وەک هەر شاعیرێکی

نەتەوەی کورد دەستێکی باڵای لە بەکارهێنانی ڕەمزی شیعریی هەبووە، بەشێوەیەکی زۆر لێهاتووانە ڕەمزی لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە و بە زمانێکی زۆر سادە و ڕەوان و سەرنجڕاکێش بە وەرگری گەیاندووە، شاعیریش بۆ داهێنانی ڕەمزی شیعری لەشیعرەکانیدا سوودی لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە کە بریتیین لە:

**١-٥-١: سەرچاوەی ڕەمزی فۆلکلۆری:**

ڕەمزی فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ شاعیران بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی مەبەستەکانیان، فۆلکلۆر بەرهەمێکی خولقێنەرەو هەموو ئەو کەرەستە کەلەپوورییانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵیان لە درووستکردنی (ئەفسانە و داستان و پەندی پێشینان و ......)دا هەیە، بۆیە شاعیران بە ڕێژەکی بەرچاو کردوویانە بە سەرچاوەی ڕەمز بۆ شیعرەکانیان ئەمەش ((بەپێی پێویستی و سرووشتی بابەتەکان و زەمینە ڕۆشنبیرییە کەلەپوورییەکەیان، ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن، کە دەبنە پاڵپشتی ناوەڕۆک و بیرکردنەوەیان))[١٤] شاعیر (موفتی پێنجوێنی)یش سەرچاوەی ڕەمزی فۆلکلۆریی لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە و بە زمانە شیرینەکەی و قوڵی واتای ناخی لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستە فۆلکلۆرییەکانەوە بەوەرگری دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی سادە و ساکار دەریدەبڕێت تاوەکو هەموو چین و توێژێک بەئاسانی تێی بگات. لێرەدا چەند نموونەیەک لەم جۆرە ڕەمزە لەشیعرەکانی شاعیر دەخەینەڕوو؛ لەوانە:

**١) ڕەمزی (شیرین و فەرهاد):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم جۆرە ڕەمزەی چەندەها جار لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە: لە شیعری ((**عومری شیرینم ١٤٠**))[١٥] * دەڵێت:

**بۆ زولێخا حوسنی یوسف بۆ گوڵی باخی چــنوون**
**جوانی شیرین عەشقی فەرهاد کردمی بەم دامەوە.**

(شیرین و فەرهاد) ڕەمزی داستانی دڵداری و خۆشەویستییە و بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام لای شاعیر (موفتی پێنجوێنی) سەرەڕای بوونی ڕەمزە (خۆشەویستییە ڕاستەقینەیی)یەکە ئەوا (شیرین و فەرهاد)ی کردۆتە ڕەمزی (کۆڵنەدان و بەرخودان و چاونەترسی و بەردەوامی ئەو هەستە سۆزاوییە). هەروەها بەستوویەتییەوە بە خۆشەویستی پێغەمبەر یوسف (ر.خ) لەگەڵ زولێخا ئەمەش ڕەمزی ئایینییە کەوا شاعیر مەبەستی هەبوونی هاوشێوەی خۆشەویستییە لەنێو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا بەردەوامیی هەیە، لە هەمان کاتدا بە چواندنی باری خۆی بەم خۆشەویستانەوە کەوا کــــۆڵی

نەداوە و چاونەترسانە هەستی خۆی بەرامبەر بە زەبرو کێشەکانی ژیان دەربڕیوە.

**٢) ڕەمزی (خەرمانی کا):**

ئەم جۆرە ڕەمزە لای شاعیر (موفتی پێنجوێنی) لەشیعری ((**ئافەرین پارە/ ل٢٠٤**))دا بەکارهاتووە؛ کە دەڵێت:

**ئـافـەرین پـارە کـە وا دایـم شــەرەف پەیدا ئەکا**

---

* تێبینی: ئاماژەیە بۆ ژمارەی لاپەڕەی شیعرەکە لەدیوانی " موفتی پێنجوێنی ".

**نـاحــز و دوژمـن وەكـو خـەرمانی كا بـەربا ئەكا**
**كـۆمەڵــێ خــۆیش و بـرا، یەكسەر لە یەک تانا ئەكا**
**وا ئـەزانــم دین لـــە یەزدانیش مەردانە سەودا ئەكا**
**حوكم و فەرمانیش بەسەر ئەم خەڵكەدا وەک شا ئەكا.**

(خەرمانی كا) بة واتای كۆكردنەوەی پووش دوای دروێنەی گەنم و جۆ دیت كۆمەڵ كۆمەڵ شانەی پێدروست دەكرێت. واتە جۆخینی گەنم و جۆ بەشێوەیەكی گشتی، بةلآم خەرمانی كا لای (موفتی پێنجوێنی) ڕەمزە بۆ ( زۆری ڕێژەی تێكدەران و دوزمن بڵاوبوونەوەیان بە هەموو لایەكدا ) مەبەستی شاعیر ئەوەیە؛ ڕێژەی زۆری ناحەز و دوژمن وایكردووە لەیەک داپران و لێكترازان ڕوو بدات تاوەكو سەركەوتن بەدەست نەهێنرێت و هەردەم لەژێر چەپۆكی دوژمندا بژین. گەر یەک دەست و یەک هەڵویست و یەک بۆچوون بین و پشتی یەک بگرین زۆر بە ئاسانی بەسەر دوژمنانماندا زاڵ دەبین بەڵام پارە وایكردوە ناحەزو دوژمنمان زۆر بێت ئەمەش بەدەستی خۆمان وامان كردووە بەڵكو وامان ویستووە، كورتییەكەی خۆمان چاڵمان بۆخۆمان لێداوەو ئێستاش دەربازبوونمان ئەستەمە.

**٣) ڕەمزی (دێو):**

ئەم جۆرە ڕەمزە بە ڕێژەیەكی زۆر لەنێو شیعرەكانی (موفتی پێنجوێنی)دا بەرچاو دەكەوێت، بۆ نموونە: لە شیعری **((ترس هۆی دواكەوتنە/ ل٣٥٢))**دا دەڵێت:

**پشیلە دەستەمۆكەی ماڵەكەی خۆم**
**ئەوا لێم بۆتە دێو و چۆتە ئەستۆم.**

(دێو) وشەیەكی ئەفسانەیە بەشێكە لە ئەدەبی فۆلكلۆر، كەوا ڕەمزی دڕندەیی و بێبەزەییە،

شاعیر كردوویەتی ڕەمز (بۆ كەسێكی دڕندەو خراپ بەرامبەر بە میللەت كە بەزۆر خۆی بەسەر میللەتدا سەپاندبێت)، (پشیلە)ش ڕەمزی (بێوەفای)یە بۆ هەمان كەس بەكاریهێناوە؛ واتە شاعیر دوو رەمزی بەكارهێناوە بۆ دەرخستنی خووڕەوشتی تاكە كەسێک كە (سپڵەو دڕندەیە). واتا من بەدةستی خؤم كةسیكی بیَوةفام دالَدةداوة و جیَكام كردةوة لة مالَةكةمدا دةستةمؤم كرد ، بؤیة ئیستاش كةلیَم بؤتة دیَو هةلَةكة لة ئةستؤی خؤمداية .

**١-٥-٢: سەرچاوەی ڕەمزی سرووشتی:**

لەم جۆرەشیان كەرەستەكانی سرووشتە دەكرێن بە ڕەمز، شاعیر لەپاڵ وەرگرتنی كەرەستەكان ڕەمزیان دەخاتە پاڵ بە مەبەستی بەخشینی وێنەیەكی جوان و كاریگەر هەروەها ڕاكێشانی سەرەنجی خوێنەر، مەبەستیان بووە واتاو پەیامەكەیان ڕوون و ئاشكرا بێت. چونكە ((شاعیران پێیان وابوو كە سرووشت و كەرەستەكانی سرووشت باشترین و بەپیتترین كەرەستەی ڕەمزن))[١٦] ئەمەش بەهۆی ئەوەی كەرەستەكان خۆڕسكن و جوانن وایكردووە شاعیران زۆر زیاتر پەنا بۆ بەكارهێنانی ببەن و جوانترین پەیامی تیایدا هەڵبگرن، (موفتی پێنجوێنی)یش یەكێک بووە لەو شاعیرانەی كەرەستەیەكی زۆری سرووشتی لە شیعرەكانیدا بەكارهێناوە و دەستێكی باڵای هەبووە، شاعیر بۆ هەر كەرەستەیەک؛ ڕەمزێكی بەهێزی تیایدا بەرجەستە كردووە و دەست ڕەنگینی خۆی تیایدا نەخشاندووە، بەهرەمەندی شاعیر لە بەكارهێنانی ڕەمزە سرووشتییەكان لەنێو شیعرەكانیدا بەشێوەیەكی زۆر ناسک و جوان و سادە و ساكار دەركەوتووە، ئەمەش بۆ

ئەوەی خوێنەر بەئاسانی لێیان بگات. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ لەو کەرەستە سرووشتییانەی کەوا شاعیر وەکو ڕەمز بەکاریهێناوە دەخەینەڕوو؛ لەوانە:

**١) ڕەمزی (لافاو، بەرد، شاخی بەرز، دەشت):**

ئەم جۆرە ڕەمزانە (موفتی پێنجوێنی) لەکۆپلەیەکدا بەیەکەوەی بەکارهێناوە، بۆنموونە: لەشیعری **((مژدە/ ل٨٨))** دا دەڵێت:

**هەر بژی قازی محەمەد، هەر بژی کوردی نەبەرد**
**هەر بژی قەومێ کە ناترسێ لە کوشتار و لەدەرد**
**ڕوو ئەکاتە لە شکری دوژمن بە گۆچان و بە بەرد**
**پەشمە لای دیلیی نزار و شاخی بەرز و دەشت و هەرد**
**ڕائەماڵێ پۆلی دوژمن هێرش و لافاوی کورد.**

(لافاو) ڕەمزە بۆ زۆربوونی ئاو لەقەبارەی ئاسایی خۆی، بەڵام لێرەدا شاعیر ئەم ڕەمزەی بۆ (دەستپێکردنی شۆڕشی کورد بۆ لەناوبردنی دوژمنانی کورد و نەمانی نالەباری و ناخۆشییەکانی نەتەوەی کورد). (بەرد) ڕەمزە بۆ قورسایی و ڕەقییەکەی، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ (بەرەنگاربوونەوەو بەدەرنانی دوژمن بە ڕووبەڕووبوونەوەیان)، (شاخی بەرز) ڕەمزە بۆ بەرزی و پێکهاتەی کە بەردە و بەهێزە، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ (بەرگریکردن لەگەڵ سەختی و ناخۆشی و دژواری لەهێرشکردندا)، (دەشت) ڕەمزە بۆ پانتایەکی بێ گرێ و گۆڵ، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ (ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر دوژمن)، بەمشێوەیە (موفتی پێنجوێنی) لە هەرسێ ڕەمزدا بەشێوەیەکی زۆر جوان خوێنەر بۆ لای خۆی کێش دەکات تاوەکو لە ڕێگەی ئەم ڕەمزانەوە بەئێمە بڵێت چۆن (قازی محەمەد) بەبوونی نالەباری و ناخۆشی و سەختی چیاکان ڕووبەرووی دوژمن بۆتەوە و بە بەرد و چەک ڕایماڵین و لەناوی بردن.

**٢) ڕەمزی (بەهار، پاییز):**

شاعیر (موفتی پێنجوێنی) وەرزەکانی ساڵی بەرێژەکی زۆر بەکارهێناوە و کردویەتی بە ڕەمزی واتابەخش، بۆنموونە: لەشیعری **((کچانی دێهات/ ل١٥٦))** دا هاتووە؛ کە دەڵێت:

**کچانی دێهات هەناسە ساردن**
**وەک بەهار ئەڕوێن، وەک پاییز زەردن**
**هەر نامرادن، گیرۆدەی دەردن**
**سەبەبکاریان دڵدار و بەردن.**

(بەهار) ڕەمزە بۆ بووژاندنەوەی دارودرەخت و سەرلەنوێ ژیانەوە، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ ( دڵخۆشی و جوانی)، (پاییز)یش ڕەمزە بۆ وەرین و زەردبوونی گەڵاکان، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ ( زۆردی و ڕۆنطی ئێستی دەموظاو و سیس بوون و خەم و خەفەت و ژاکاوی )، شاعیر مەبەستییەتی بەهۆی ڕەمزی سرووشتی (بەهار و پاییز) بارودۆخی کچانی دێهاتمان پێ ڕابگەیەنێت کەوا چۆن ژیان بەسەر دەبەن، سەرەتای ژیانیان وەک وەرزی بەهار جوانن و بەخۆشی ژیان دەکەن بەڵام بەهۆی چەند کەسانێکی دڵ ڕەق ژیانیان لێ تاڵ دەبێت لە زۆری خەم و خەفەتیان دەژاکێن و سیس دەبن، بەمشێوەیە (موفتی پێنجوێنی) دەست ڕەنگینی خۆی بەهۆی جوانی بەکارهێنانی ڕەمزی بەهار و پاییز خوێنەر بۆلای خۆی کێش دەکات.

**٣) ڕەمزی (تەرزە و باران):**

ئەم جۆرە ڕەمزانە لای شاعیر (موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((ساڵانە لەم فەسڵە/ ل١٨٤))**دا بەکارهاتووە؛ کە دەڵێت:

**چونکە ئەبارێ وەک تەرزە و باران**
**لـیـرەی ڕووسـیا و قڕانی ئێران**
**ڕیال بەدەستە وەک گەڵای داران**
**دینار بۆ کاوڕ، تاشـەک، تا بەران.**

(تەرزە و باران) ڕەمزە بۆ سەرماو سۆڵەی وەرزی زستان ، بەڵام لای شاعیر ڕەمزە بۆ ( زۆربوونی ڕێژەی پارەی بێگانە)، مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە پارەی بێگانە بە هەموو جۆرەکانییەوە تەنیا لەلای کەسانی باڵادەستە و هەر بۆ ئەوانە و لە زۆریدا ناژمێردرێت. لە ڕێگەی ڕەمزی تەرزە و باران (موفتی پێنجوێنی) پێمان ڕادەگەیەنێ کە تەنیا کەسانی باڵا دەست خاوەنی زۆرترین پارەن بەهەموو جۆرەکان، بۆية تةنها ئةوان تواناى كڕينيان هةية .

**٤) ڕەمزی (شەو، هەور):**

ئەم جۆرە ڕەمزانە شاعیر (موفتی پێنجوێنی) زۆر بەجوانی لەشیعری **((ئافەرین پارە/ ل٢٠٥))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**پـارە تـاریکی شەوی هەور و هەڵا ڕووناک ئەکا**
**پـارە پـیاوی تـرسـنـۆک و بـێـوەر بێباک ئەکا**
**پارە پیری کەوتە و خوێن تیا نەما و چاڵاک ئەکا**
**پـارە پـیاوی هەرزەگۆ و نالەباریش چاک ئەکا**
**فەیلەسـوفێک بێنە مەیدانی لەدەستی ڕائەکا.**

(شەو) ڕەمزی تاریکییە، (هەور) ڕەمزی بارینی باران و وەرزی زستانە و پەیدابوونی تارمایی ڕەش بەئاسمانەوە، بەڵام (شەوی هەور) لای شاعیر ڕەمزە بۆ ( لابردنی خەم و خەفەت)، شاعیر هەردوو ڕەمزی بەیەکەوە بەستۆتەوە کەوا چۆن بەهەبوونی پارە ژیانی تاک لەتاریکی دەخاتە ڕووناکی و خۆشی، چۆن خەم و خەفەت بەسەر خەڵکەوە ناهێڵێت. چۆن دڵ خۆش دەکاو هیوا بەمرۆڤ دەبەخشێتەوە.

بەمشێوەیە (موفتی پێنجوێنی) ئەمانە و چەندەها کەرەستەی تری سرووشتی کردووە بە ڕەمزی جوان جوان تا بەهۆی زمانە شیعرییەکە و بیرە ڕۆشنەکەی پەیامەکانی بە ئاسانی بە خوێنەر بگەیەنێت.

**تەوەری دووەم: جۆرەکانی ڕەمز لە دەقە شیعرییەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا:**

ڕەمز بەپێی کەرەستە وەرگیراوەکان جۆری جیا جیای لێ درووست دەبێت، دەقە شیعرییەکانی (موفتی پێنجوێنی)ش لە ڕەمز زۆر دەوڵەمەندن؛ بە گشتی جۆرەکانی ڕەمز لە شیعرەکانی بریتیین لە:

**١-١: ڕەمزی خودی:**

ئەم جۆرە ڕەمزە بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوە، بە کارتێکردنی شتەکانی دەوروبەر بەسەر هەست و دەروونی شاعیر ڕەمزی خودی درووست دەبێت، ئەمەش ((هاندانی شاعیرە بۆ درووستکردنی ڕەمزی تایبەتی خۆی)) [١٧] واتە شاعیر خۆی شتەکان دەکات بە ڕەمز و واتا و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێت، کە زۆرجار ((لە ژیانی واقعی خۆی و پەیوەندی مرۆڤایەتی وەریگرتووە، وەکو: (دایک، مناڵ، خۆشەویستی،)) [١٨] غوربەت، تەنهایی، ترس، هۆگریی، خەمباریی، بێهێزیی، سەبر، .....هتد)، هەندێ جاریش لە کەرەستەکانی سرووشت و دەوروبەر وەریدەگرێت؛ وەک: (گیانلەبەر، مانگ، ئاگر، خۆڵ، دوکەڵ، زەردەواڵە، خۆڵەمێش، باخچە، گوڵ، دار، ژمارە، خێمە، درک، دەریا، ماسی، باخ، ڕادیۆ، تەیارە، تۆپ، شێر، پەپولە، خەو، خەیاڵ، ....هتد)، (موفتی پێنجوێنی) دەستێکی باڵای لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەمزانەدا هەبووە و زۆر بە جوانی داخی خۆی لە ڕێگەیانەوە هەڵڕشتووە و هەست و ناخ و دەروونی خۆی بە رەمزە جۆراوجۆرە خودییەکانی دەربڕیوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ویستویەتی خوێنەر هۆشیار بکاتەوە لە بوونی زەبر و ناخۆشییەکانی ژیان و گەیاندنی پەیامی ئامۆژگاری،.... هتد، بەڵام پێویستە خوێنەران ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزیان هەبێت، تاوەکو بتوانین کلیلی کۆدەکانی ڕەمزە خودییەکانی (موفتی پێنجوێنی) بکەینەوە و بە واتای دەروونی شاعیر ئاشنابین، شاعیر دەروونی پڕ بووە لە کەسەر و بابەتی بەدینەهاتوو، بە چاوی پڕ لە ئومێدەوە دەڕوانێتە گەنج و لاوەکان بە شیعرە پڕ بایەخەکانی چەندەها بابەت ڕوون دەکاتەوە تاوەکو غافڵ نەبن لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو، لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە ڕەمزی خودی لەشیعرەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا دەخەینەڕوو؛ بەپێی:

**١-١-١: ڕەمز لەژیانی واقیعی خۆی:**

ئەم جۆرەیان لە ژیانی واقعی (موفتی پێنجوێنی) خۆی وەرگیراوە، کە شاعیر خۆی تیایدا ژیاوەو دەرد و مەینەتییەکانی ژیانی زۆر بینیوە و بە ڕەمز لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی شاعیر دەهێنینەوە، لەوانە:

**١) ڕەمزی (جەخار):**

(موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((من و دەروێش/ ل٣٢٣))**دا ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**خـولاسـە دڵـم پڕ بـوو لە جەخار**
**لێی هەستام بەتین، دەستم دایە دار**
**وازم نـەهـێنـا بـە جار و دوو جار**
**نـاچار دەسـتـی کرد بە هاوار هاوار.**

(جەخار) ڕەمزێکی خودییە بۆ (داخ و خەم و خەفەت و خەمگینی)، شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەکاریهێناوە.

**٢) ڕەمزی (موشتاقی تەناف):**

(موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((ئامۆژگاریی موفتی بۆ کورەکەی/ ل٣٧٧))**دا ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**ڕۆڵـە من مردم لەژێر باری گرانی زوڵمەوە**

**ئێستە موشتاقی تەنافێکم کە بێتە ملمەوە.**

(موشتاقی تەناف) ڕەمزی خودیین، (موشتاق) ڕەمزە بۆ (تامەزرۆیی شتیك بیت )، (تەناف) ڕەمزە بۆ (پەتی سێدارە)، هەردووکی بەیەکەوە ڕەمزن بۆ (مردن ) شاعیر بێزار بووە لە زوڵم و ستەم، ئاواتە خواز بووە لەم ژیانە ڕزگاری بێت و کۆتایی بەژیانی بێت، تەنانەت ئەگەر بە مردنی خۆشی نەبێت.

**٣) ڕەمزی (ڕۆڵەی خۆم):**

(موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((توتن/ ل٢٣٩))** دا ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**ئێستە بـە تووتن شەو ئەڕاوێنم**
**وەک دایک ڕۆڵەی خۆم ئەلاوێنم.**

(ڕۆڵەی خۆم) ڕەمزی خودیین بۆ (سۆز و خۆشەویستی بۆ کارەکەی کە وەرەقەی تووتنەکە دەسوڕێنێ و جگەرەی لێ درووست دەکات)، (موفتی پێنجوێنی) هاوشێوەی هەست و سۆزی دایک بۆ ڕۆڵەکەی بەشێوەیەک کە لە خەویش بێ بیری لای ڕۆڵەکەیەتی دەیـلاوێنیتەوە، شاعیریش کاری تووتنچی زۆر خۆشویستوە و شەو وڕێنە بە تووتن دەکا و بەردەوام بیری لایەتی، بەمشێوەیە هەستی خۆی بۆ کارەکەی دەربڕیوە.

**١-١-٢: ڕەمز لە سرووشت و دەوروبەر:**

ئەم جۆرە ڕەمزە لە کەرەستەکانی سرووشت و دەوروبەر درووست دەکرێت، (موفتی پێنجوێنی) دەستێکی باڵای هەبووە و جۆرەها کەرەستەی سرووشتی و دەوروبەری وەرگرتووە و بەشێوەیەکی داهێنەرانە ڕەمزی پێ دروستکردوون، لەوانە:

**٢) ڕەمزی (دڕکی شادی، بای ڕەحمەت):**

(موفتی پێنجوێنی) لەهەمان شیعری **((بەهیوام/ ل٨٩))** دا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**بای سەبا ئەمڕۆ گەیاندی کاغەزی مژدەی نەجات**
**دڕکی شادیمان بە بای ڕەحمەت لەسەر ئەکرێتەوە.**

(دڕکی شادی، بای ڕەحمەت) ڕەمزی خودیین، (دڕک) ڕەمزە بۆ (ئازارو ناخۆشی و کۆسپ و تەگەرە)، بەڵام شاعیر پێچەوانەی واتا باوەکەی و واتایەکی تری پێ بەخشیوە کە ئەویش (لابردنی ناخۆشییە) کە بەڕەمزی (دڕکی شادی) هێناویەتییەوە، (بای ڕەحمەت) ڕەمزە بۆ (ڕزگاربوون و هاتنی هەواڵی دڵخۆشکەر)، شاعیر لە بای سەباوە وەریگرتووە، ئەمەش ڕەمزی (شوێنە بۆ شارۆچکەیەک لەوڵاتی تاجیکستان) لە ڕێگەی ئەم وشە ڕەمزییانەوە مژدەی گەیاندنی هەواڵی خۆش ڕادەگەیەنێت کەوا لەناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی ژیان ڕزگاریان دەبێت.

**٣) ڕەمزی سەگ:**

(موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((دەزگای جگەرە/ ل٢٥٣))** دا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**دەزگای جگەرەکەی دوکانەکەی من**
**تەختە دارێک بوو چاکتر لە ئاسن**
**ڕزگاری کردم لە ڕاتبەکردن**
**بوو بە دەستگیرم تا وەختی مردن**

************

**نەیهێشت ماڵە و ماڵ سەگ بوەڕێ لێم**
**هیچ کەس نەزانێ لە تایەفەی کێم**
**کەڵورم یاخود سەیاحی بێجێم**
**سەرتاپا کەوا شڕ تا بە دەرپێم.**

(سەگ) ڕەمزێکی خودییە بۆ (کەسێکی بەد )، شاعیر باس لەوە دەکات بەهۆی کاری تووتن چییەکەی ئەگەر تەختە دارێکیش بێت رزگاری کردوە لەو کەسە بەد و خراپانەی کە لە ژێر دەستی ئەو کەسانەوە کاری کردووەو بەردەوام بۆڵە بۆڵ دەکەن بەسەر کرێکارەکاندا، بەمشێوەیە شاعیر بۆ مەبەستی خۆی دەربڕیوە کەوا ڕزگاری بووە لەو جۆرە کەسە خراپانە.

**١-١-٣: ڕەمزی تێکەڵ لەنێوان (ژیانی واقیعی خۆی)و (سرووشت و دەوروبەر):**

شاعیر زۆر بەهرەمەندانە ئەم دوو جۆرە ڕەمزەی لەگەڵ یەکتر لەیەک دێڕە شیعر یاخود لە یەک کۆپڵە شیعر تێکەڵ بەیەکدی کردووەو هێناویەتییەوە، بە نرخترین واتای لە ڕێگەی جوانترین ڕەمزەوە بە خوێنەر بەخشیوە. لەوانە:

**١) ڕەمزی (بەفری خەم):**

(موفتی پێنجوێنی) لە شیعری **((بەهیوام/ ل٨٩))**دا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**وەختە کوێستانی دڵم بەفری خەمی ڕەش بێتەوە**
**وا ژیان و ژینی من دووبارە ڕێک ئەخرێتەوە.**

(بەفری خەم) ڕەمزی خودیین، بۆ (نەمانی ناخۆشی)، هەروەها (ڕەش) ڕەمزە بۆ ( هاتنی ناخۆشی و کێشە و ماتەمینی) بەڵام شاعێر بەپێچەوانەی واتا باوەکەی کردوویەتی بە لابردنی نەهامەتی؛ بە هیواوە دەڵێت زۆری نەماوە کۆتایی بە ناخۆشییەکانی ژیانم بێت و سەر لە نوێ بەدڵخۆشی ژیان بکەم، بەمشێوەیە هیوا ئاوات و هەلاتنی ڕۆژێکی نوێ دەخاتە دڵی خوێنەرەوە تا بە هیوا بژین کە دوای هەموو ناخۆشییەک چاوەڕێی خۆشی بکەن.

**٢) ڕەمزی (بەحری فکر):**

(موفتی پێنجوێنی) لەشیعری **((لەمەولا/ ل١٠٢))**دا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**لەسەر ئەم پارچە شیعرانە ئەگەر گیراوی مەحبەس بم**
**دەمێکە حازری دار و شەلاخ و ئەزیەت و جوێنم**
**وەکوو ماسی بە سەربەستی غەواصی گێژی بن ئاوم**
**لەبنی بەحری فکرا، گەوهەری عەنتیکە دەردێنم.**

(بەحری فکر) ڕەمزی خودیین، بۆ (گەنجینەی وشەی بەهێزو جوان و پتەو لە بیردا)، شاعیر سڵ ناکاتەوە لە نوسینی شیعر و دەربڕینی ناخی، وشەکانی زۆرن بۆ دەربرین، گەنجینەی وشە شیعرەکانی کردووە بە ڕێگە بۆ دەرکەوتنی بیری جوان و واتای گران بەها؛ بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکانی.

**٣) ڕەمزی (ئاگری قەهر):**

(موفتی پێنجوێنی) لەشیعری **((ئامۆژگاریی موفتی بۆ کورەکەی/ ل٣٧٧))**دا ئەم ڕەمزانەی بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**ئاگری قەهرو زەلالەت چۆتە جەرگ و دڵمەوە**
**بێ کفن داخڵ بە خاکم کەن بەخۆم و جلمەوە.**

(ئاگری قەهر) ڕەمزی خودیین بۆ ( زوڵم کردن ، هەڵچوونی ناخ)، شاعیر لەڕێگەی ئەم وشە ڕەمزییانەوە ناخی خۆی هەڵڕشتووە؛ توڕەییەکەی ئەوەندە زۆرە دەیەوێت شۆڕش هەلگیرسێت، بەمشێوەیە هەستە پەنگخواردووەکەی دەربڕیوە.

**١-٢: ڕەمزی بابەتی:**

جۆرێکی تری ڕەمز، ڕەمزی بابەتییە شاعیران بەپێی تاقیکردنەوەی ژیانیان پێی گەیشتوون و بەکاریانهێناوە، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مرۆڤایەتییان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ بابەتی خودی و تەموومژاوی.[١٩] واتە ڕەمزی بابەتی پانتاییەکی زۆر فراوان دەگرێتەوە و هەرچی بەرهەمی مرۆڤایەتیی هەیە لەلایەن شاعیرانەوە ڕەمزی لێ دروست دەکرێت، وەک: (ئایینی، مێژوویی، کۆمەڵایەتیی، نیشتیمانیی، .....هتد)، شیعرەکانی شاعیر (موفتی پێنجوێنی) زۆر دەوڵەمەندە لە ڕەمزی بابەتی بەشێوەیەکی زۆر فراوان لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا دەبینرێت و بەهۆیەوە مەبەستی بەهێز دەگەیەنێت، لێرەدا چەندین جۆری ڕەمزی بابەتی لە شیعرەکانی شاعیر بەهێنانەوەی نموونە بۆ هەر یەکەیان دەخەینەڕوو:

**١-٢-١: ڕەمزی ئاینی:**

شاعیر لەڕێگەی بابەتە ئاینییەکانەوە داهێنانی لەڕەمزدا کردووە، کتێب و ئایین و ڕووداو و کەسایەتییە ئاینییەکان و بیروباوەڕی ئاینی لەشیعرەکانی وەک ڕەمز بەکارهێناوە، واتە بابەتە ئاینییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ دروستکردنی ڕەمز، لەبەر ئەوەی ((کاری هەرە گەورەی ڕەمز ئاشکراکردنی ئاستەکانی حەقیقەت و ئاستەکانی عەقلی مرۆڤایەتییە))[٢٠] واتە ڕاستییەکان و ئاستی ئاوەزی مرۆڤ لەڕێگەی ڕەمزی ئاینییەوە ئاشکرا دەبێت، (موفتی پێنجوێنی) ڕەمزێکی زۆری ئاینی بەکارهێناوە ئەمەش ئاشنابوونی بە بابەتە ئاینییەکانەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو ڕمزە ئاینییانەی کە لەنێو دەقەکانی شاعیردا دەبینرێت؛ بریتین لە: خوا (جل جلاله)، پێغەمبەر محمد (د.خ)، میکائیل، مەککە، ئایەت، تەلقین، ڕەمەزان، کەعبە، قورئان، بەرماڵ، تەزبێح، جەهەننەم، ئیبلیس، فەرموودە، بەهەشت، یوسف و زولێخا، ....هتد)، لێرەدا چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی شاعیر لەڕەمزی ئاینی دەهێنینەوە، لەوانە:

**١) ڕەمزی (جەننەت):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە ئاینیانەی لە شیعری **((مەکتەب/ ل١٣٠))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**لە سایەی مەکتەب و تەحسیلی سنعەت**
**وڵاتی ئەوروپا خۆی کرد بە جەننەت**
**ئەژی بۆخۆی بەبێ ئازار و میحنەت**
**نەجاتی بوو لەدەس دەور و مەشەققەق.**

(جەننەت) ڕەمزی ئاینییە بۆ (خۆشترین شوێنی بێ وێنە)، جەننەت ئەو شوێنەیە لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە بۆ پاداشتکردنی بەندەکانی کە لە فەرمایشەتەکانی خوای گەورە دەرنەچوونە؛ ئەوا لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە بەهەشت، واتە ئەوروپا بە هەوڵ و تێکۆشان و خوێندن و دەست ڕەنگینی وڵاتەکەیان کردوە بەخۆشترین شوێن، لەخۆشیدا وەک بەهەشت وایە و خۆیان لە ناخۆشی و ئازار و دەردەسەری ڕزگار کردوە. مەبەستی شاعیر گەیاندنی پەیامە تاوەکو ئێمەش وەک ئەوان کۆشش بکەین تاوەکوو لەدەردو ئازار نەجاتمان بێت.

**٢) ڕەمزی (جنۆکە، ئیسلامی شکڵپیس، ئیبلیس):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە ئاینیانەی لەشیعری **((ترس هۆی دواکەوتنە/ ل٣٥١))**دا بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**جـنۆکەی غەیرە ئیسلامی شکڵپیس**
**کە نەوعێکن لە نوتفەی پیسی ئیبلیس.**

(جنۆکە، ئیسلامی شکڵپیس، ئیبلیس) ڕەمزی ئایینین بۆ (کەسانی خراپەکار)، (جنۆکە) ڕەمزە بۆ (فریودانی کەسی خراث )، (ئیسلامی شکڵپیس) ڕەمزە بۆ (ناشرینکردنی خوو ڕەوشتی ئیسلامی لەلایەن کەسانی کردەوە خراپ)، (ئیبلیس) ڕەمزە بۆ (ئەو کەسەی بە فێڵ و درۆ خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنێت)، واتە لە کار و کردەوەیان وەک ئیبلیس(شەیتان)ن، شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕەمزە ئایینیانەوە پێمان دەڵێ کە کەسانێکی خراپ هەن ئایینی ئیسلامیان ناشیرین کردووە و لە خراپی کار و کردەوەکانیان وەک ئیبلیسن.

**٣) ڕەمزی (خوا):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە ئاینیانەی لە شیعری **((موفتی ئامۆژگاری کچەکەی ئەکا/ ل٣٨٨))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**وەکـو پـێم وتی تەنها خوایە**
**دەرد و دەرمانی هەموو لەلایە.**

(خوا (جل جلال) ڕەمزی ئایینییە بۆ (باڵا دەستبوون)، شاعیر ئامۆژگاری کچەکەی دەکات کە تەنیا پشت بەخوای تاک ببەستێ و نەترسێ لەو نەخۆشی و ناخۆشیانەی کە دێنە سەر ڕێگای ژیانی و چارەسەری هەموو شتێک تەنیا لەلای خوای باڵا دەستە. واتا دکتۆری تۆ تةنها خودایة .

**١-٢-٢: ڕەمزی مێژوو:**

(موفتی پێنجوێنی) لەدەقە شیعرەکانیدا (هەندێ لەکەسایەتییە ناودارە مێژووییەکان (کورد و ئەوروپی)یەکان، ڕووداوە مێژووییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆن، کەرەستە کۆنەکان، ...هتد)، کردوویەتی بە ڕەمز، واتاو مەبەستی جیا جیای لە پاڵ دەربڕیوە، بەشێکی گرنگە بۆ گەیاندنی دیوی ناوەوەی واتاکان لە ڕێگەی ڕەمزی مێژووییەوە، لەبەر ئەوەی مێژوو ((گشت زانستەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانەو ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵ دەگرێتەوە))[٣١]، هەروەها مێژوو بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تاوەکو ئێستا هەرچی کردووە و چی بەسەرهاتووە؛ وردەکارییەکانی لە خۆشی و ناخۆشی و شەڕ و ئاشتی و ..هتد، دەبنە بەشێک لەو تۆمارە گەورەیە دەوڵەمەندە پڕ لەزانیاری و بابەتی سەرسوڕهێنەر کە پێی دەڵێن مێژوو.[٣٢] شاعیر بەوەرگرتنی کەرەستە مێژووییەکان بەشێوەیەک ڕەمزەکانی خستۆتە پاڵ کەوا لە سەردەمی خۆی بێت و بە بەرگێکی نوێ دەریبڕیوە، واتە مێژوو ((ڕووبارە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگەو شاعیری زیرەک و لێهاتووی دەوێ وێنەی لێ هەڵێنجێ و لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بیگونجێنێ و ڕەهەندێکی تازەی پێ ببەخشێ))[٣٣] (موفتی پێنجوێنی)یش بەتوانا بووەو شارەزایانە ڕەمزی مێژووی بەکارهێناوە، لێرەوە چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو؛ لەوانە:

**١) ڕەمزی (هەڵاڵە):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە مێژوویەی لە شیعری **((دروستبوونی کۆماری مەهاباد ١٩٤٦/ ل١٠٤))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**ناحەق نییە گەر شادی مەرگ بم لەسروورا**
**ئەمڕۆکە کە دیم شێوەیی ئەو تازە هەڵاڵە**
**هەرچەندە لەلای غەیرە نەبێ قیمەت و قەدری**
**لای من بەخوا چەشمەیی هەنگوینی ڕیاڵە.**

(هەڵاڵە) ڕەمزێکی مێژووییە بۆ (گۆڤاری هەڵاڵە) کە گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی بووە، کە ژمارە (١)ی لە (١٩٤٦/٣/٣١) دەرچووە، لەلایەن لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەکرایەوەو لەژێر چاودێری مامۆستا حەسەن قزەڵجی)دا بووە. شاعێر مەبەستییەتی بڵێت ئەگەرچی لەلای بێگانە قەدری نەبێت، بەڵام لەلای من لەپارە شیرینترەو هەموو دونیا دێنێت.

**٢) ڕەمزی (ژین):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە مێژوویەی لە شیعری **((پارچە شیعری یەکەم ١٩٤٢/ ل٣٠١))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**پیریی خەمخواری وەتەن پەروەرم**
**ئەدیبی هوشیار، تاجی سەر سەرم**
**ئەفەرموی بۆچی خامۆشی لە ژین**
**ئەڵێی کەوتوویە ژێر بەفری پێنجوێن.**

(ژین) ڕەمزی مێژووییە بۆ (پیرەمێردی شاعیر) کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین بووە. شاعیر زۆر بەجوانی وەسفی پیرەمێردی نەمر دەکات، کەوا شاعیرێکی کورد پەروەر بووە و لەوەتەی نەماوە ڕۆژنامەی ژین خامۆشە دەنگی.

**٣) ڕەمزی (هیتلەر):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە مێژوویەی لەهەمان شیعری **((پارچە شیعری دووەم/ ل٣٠٣))**دا بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**لەم ڕۆژە ڕەشا نۆ سەر خێزانم**
**کاسبکار خۆمم، پیر و بێگیانم**
**تا نان ڕێک ئەخەم، بەرگم دڕاوە**
**لە هەولّی بەرگا جەرگم بڕاوە**
**تێفکرە قوربان لەم چەشنە ژینە**
**هۆشم چوون لەسەر مەقالەی ژینە**
**مەگەر هەر بڵێین یارەبی هیتلەر**
**زوو ڕەنجەڕۆ کەی، بیکەی دەربەدەر.**

(هیتلەر) ڕەمزی مێژووییە بۆ (زەبرو ستەم و کوشتن و کاولکردن و خراپەکاری لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتی)دا، شاعیر بارگرانی ژیانی خۆی دەخاتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە بەردەوام چاویان بڕیوەتەوە نانی خەڵک و زەبر و ستەمیان لێ دەکەن.

**١-٢-٣: ڕەمزی کۆمەڵایەتی:**

ئەم جۆرە ڕەمزە بەربڵاوە و شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاری دەهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەئاسانی پەیام دەگات بەخوێنەران و ڕۆشناییان پێ دەبەخشن.

کەرەستە کۆمەڵایەتییەکانن دەبن بە ڕەمز ((کە کۆمەڵگە بەگشتی لەسەری کۆکە و سیمایەکی نێو نەتەوەیی هەیە، وەک: (کۆتر ڕەمزی ئاشتییە، ڕەنگی سوور ڕەمزی ترسناکە) ))[٣٤] ، شیعرەکانی (موفتی پێنجوێنی) دەوڵەمەند بووە بەم جۆرە ڕەمزەوە مەبەستی گرنگی پێکاوە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕەمزی کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو؛ لەوانە:

**١) ڕەمزی (سوور و ڕەش و شین، تاج و کڵاو):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە کۆمەڵایەتییانەی لە شیعری **((بۆ تۆیە وەتە/ ل٩٣))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

(**موفتی) لە قوڕی سوور و ڕەش و شین بەسەرا کە**
**ئەوساکە ئەڵێم خاوەنی سەد تاج و کڵاوە.**

(سوور و ڕەش و شین، تاج و کڵاو) ڕەمزی کۆمەڵایەتیین، (ڕەنگی سوور) ڕەمزە بۆ (خوێنی شەهید)، (ڕەنگی ڕەش) ڕەمزە بۆ (ماتەمینی و ناخۆشی و پەژارە)، (ڕەنگی شین) ڕەمزە بۆ (بە دەستهێنانی ئاواتێک کە قورسە بەدەست بهێنرێت)، (تاج و کڵاو) ڕەمزی (سەربەرزی و خۆش بەختی و سەربەستییە)، واتای هەموو ڕەمزەکان کەشاعیر مەبەستیەتی ئەوەیە گەر لەناخۆشیدا بژین و بەردەوام لەماتەمیندا بین، بەڵام دواجار بەخوێنی شەهیدان بەئازادی و سەربەستی دەگەین.

**٢) ڕەمزی (خاک و گڵ، گوڵ):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە کۆمەڵایەتیانەی لەشیعری **((ئەوەی هەقبێژە/ ١٧٠))**دا بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**بە ئـەخلاق و تەبیعەت خاک و گڵ بە**
**بە شەوق و میهرەبانی ڕەنگی گوڵ بە.**

(خاک و گڵ، گوڵ) ڕەمزی کۆمەڵایەتیین، (خاک و گڵ) ڕەمزە بۆ (بەهێزبوون، خاوەن کەسایەتی بەتواناو سادەیی و بێفیزیی)، (گوڵ) ڕەمزە بۆ (جوانی و خۆشەویستی)، واتای هەموو ڕەمزەکان کە شاعیر مەبەستیەتی ئەوەیە کە خاوەن کەسایەتییەکی سادە و ڕەوشت جوان و بەهێز و بێفیزە.

**٣) ڕەمزی (پەپوولە ڕەنگ، مەڕی هەژار، گورگی هار):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە کۆمەڵایەتییانەی لەشیعری **((ژینی عالەم/ ل٣١٧))**دا بەکارهێناوە؛ کەدەڵێت:

**زۆر کەس بەشەر ئەبینم سۆفی و پەپوولە ڕەنگە**
**بــە ڕەنگ مەڕی هەژارە، بە هەڵمەت گورگی هارە.**

(پەپوولە ڕەنگ، مەڕی هەژار، گورگی هار) ڕەمزی کۆمەڵایەتیین، (پەپوولە ڕەنگ) ئەگەرچی ڕەمزی (جوانی) باوەکەیە، بەڵام شاعیر لە واتا باوەکەی لایداوە و کردویەتی بە ڕەمز بۆ (کەسێکی دوو ڕوو)، (مەڕی هەژار) ڕەمزە بۆ (کەسانێک لە ڕوخسارو ڕوکەشدا نەرم و نیان و باشن)، (گورگی هار) ڕەمزە بۆ (کەسانی ترسناک و ناپاک لە ناخ)دا، واتای هەموو ڕەمزەکان کە شاعیر مەبەستیەتی ئەوەیە کەوا زۆر کەس هەن چەندین ڕوویان هەیە، لەشێوەدا کەسی باش و چاکن بەڵام لەناخدا ناپاک و ترسناکن.

**١-٣-٤: ڕەمزی نیشتیمانی:**

شاعیر لەخۆشەویستی بەتینی بۆ نیشتیمانەکەی چەندەها شیعری بۆ هۆنیوەتەوە و چەندەها ڕەمزی نەخشین و جوانی پێ دروستکردووە، بۆ ئەم جۆرەشیان چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو؛ لەوانە:

**١) ڕەمزی (دوو گوڵە گەنم):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە نیشتیمانییەی لە شیعری **((ئۆخەی ١٩٤٦/ ل٨٣))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**بــۆ خـزمەتـی ئـاڵایە کە سەوزە و سپیە و سوور**
**ئەیکەم بە فیدای قەوم و کەس و ڕۆح و سەروماڵ**
**ئـەو دوو گـوڵەگـەنـمەی کە حەیاتی من و تۆیە**
**یەد سەد ئەبڕێ پشت بـەخـوا پاییزی ئـەمـساڵ.**

(دوو گوڵەگەنم) ڕەمزی نیشتیمانییە بۆ (ئاڵای کۆماری مەهاباد)، ڕەنگی (سەوز) ڕەمزە بۆ (بوژاندنەوە و سەرلەنوێ ژیانەوە)، ڕەنگی (سپی) ڕەمزە بۆ (ئاشتی)، ڕەنگی (سوور) ڕەمزە بۆ

(خوێنی شەهیدان)، واتە (سەوز و سپی و سور) ڕەمزن بۆ (پێکهاتە و شێوازی ئاڵای کۆماری مەهاباد)، پەیامی شاعیر ئەوەیە کە بەدامەزراندنی کۆماری مەهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کۆمار دوژمنی کورد دەڕوخێنن.

**٢) ڕەمزی (شێرانی سەردار):**

(موفتی پێنجوێنی) ئەم ڕەمزە نیشتیمانییەی لە شیعری **((لەڕێی نیشتیمان/ ل٩٠))**دا بەکارهێناوە؛ کە دەڵێت:

**چەند گرۆهێ بوو لەمەو پێش ئێستە هەروا باقییە**
**بـوونە میـکرۆب و نەما شێرانی سەرداری وەتەن.**

(شێرانی سەردار) ڕەمزی نیشتیمانییە بۆ (وەرگەڕان و نەمانی کەسانی باڵا دەست و ئازاو بوێر و چاونەترس)، پەیامی شاعیر ئەوەیە کە لەمەوپێش چەند کەسانێکی باڵا دەستی ئازاو نەبەرد هەبوون و تاوەکوو ئێستاش ماون، بەڵام ئازا و بوێر نەماون و بوون بە نەخۆشیی بۆ نیشتیمان.

بەمشێوەیە (موفتی پێنجوێنی) شاعیر کەسایەتییەکی شارەزاو لێهاتوو و بەتوانا بووە و بە ڕەمز ئاوات و مەبەست و پەیامە بەپیتەکانی و ئامۆژگارییەکانی بە خوێنەر گەیاندووە، تاوەکو گەنجی چاونەترس و بوێر و ئازایان لێ درووست ببێت. لەلایەکی تر دەروونی خۆی لە ڕێگەی دەربڕینی ئەم ڕەمزانەوە خاڵی کردۆتەوە.

**ئـــەنـــجـام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتیین، گرنگترینیان:

١) (موفتی پێنجوێنی) لە هۆنینەوەی شیعرەکانی دەستێکی باڵای لە بەکارهێنانی ڕەمزدا هەبووە.

٢) زمانە شیعرییەکەی شاعیر لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەمزە جۆراوجۆرەکاندا؛ بە سادەیی و ساکاری دەربڕیووە، تاوەکوو بەئاسانی پەیامە بەپیت و جوانەکانی بەخوێنەر بگەیەنێت، لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژێک بەشیعرەکانی ئاشنا بن.

٣) شاعیر شیعری تەنیا بۆ نوخبەیەک و چینی ئاست بەرز نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو بۆ سەرجەم بووە، بە مەبەستی ئاشنابوون و وشیاریی و گەیاندنی کرۆکی واتای شیعرەکانی بووە.

٤) (موفتی پێنجوێنی) لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕەمزی (فۆلکلۆر و سرووشت)دا لێهاتوو بووە و زۆربەی کەرەستەکانی ئەم سەرچاوانەی کردۆتە ڕەمز بۆ شیعرەکانی.

٥) شاعیر لە بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕەمز (خودی و بابەتی)دا گەنجینەیەکی درەوشاوەیە و شارەزایانە و لە شوێنی مەبەست ڕەمزەکانی لەنێو دەقە شیعرییەکانی بە چەندەها جۆر نەخشاندووە، تاوەکو کاریگەری لەسەر خوێنەر درووست بکات و خوێنەریش هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی بۆ بدەن.

٦) شێوازی بەکارهێنانی ڕەمزەکانی شاعیر زیاتر ڕەمزی دووانەیی بەدوایەکداهاتوو یان بوونی چەند ڕەمزێک لە یەک دێرە شیعردا، یان لەیەک کۆپلە شیعردا بە پێدانی واتای جوان و دڵگیر شیعرەکەی داڕشتووە، ئەمەش شێوازێکی تایبەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) فاضل نظام الدين، فەرهەنگی شیرین(عەرەبی-کوردی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٧٠.

(٢) بڕوانە: پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥.

(٣) أبن منظور(جمال الدين محمد أبن المكرم): لسان العرب، المجلد الخامس، الطبعة السادسة، دار صادر، بيروت-لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٢٢-٢٢٣.

(٤) فازیل مەجید مەحمود (د)، سروشت لەشیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٩.

(٥) جبور عبدالنور (د)، المعجم الادبي، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، ١٩٨٤م، ص١٢٣.

(٦) ثاثر محمد جاسم الجبورى، الصورة الشعريه عند شوقى، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة المستنصرية، ١٩٨٩، ص١٢٩.

(٧) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (د)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٥٦.

(٨)سەچاوەی پێشوو، ل٢٥٧-٢٥٨.

(٩) پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل ٩٧.

(١٠) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢١٦.

(١١) ناز ئەحمەد سەعید، لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٢٧.

(١٢) بڕوانە: هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٠٦.

(١٣) بڕوانە: سافیە محەمەد ئەحمەد (د)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨٣.

(١٤) پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل٣٤٨.

(١٥) مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی (ئومێد ئاشناو کامیل عەبدوڵڵا کەریم)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٩.

(١٦) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل٢١٧.

(١٧) على جعفر العلاق (د)، فى حداثة النص الشعرى (دراسة نقدية)، دار الشروق للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، لبنان-بيروت، ٢٠٠٧، ص٤٧.

(١٨) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، ل١٢٠.

(١٩) پروانه: سحمدى بركاتى، الرمز التاريخى و دلالته فى شعر عزالدين ميهوبى، رسالة ماجستير، كلية الأداب والعلوم الأنسانية، جامعة العقيد الحاج الخضر-باتنة، ٢٠٠٩، ص٦٩.

(٢٠) عاطف جودة نصر (د)، الرمز الشعرى عند الصوفية، الطبعة الأولى، دار الأندلس، بيروت-لبنان، ١٩٧٨م، ص٣٣.

(٢١) ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردو شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل١٨٤.

(٢٢) سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەریی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٧٧.

(٢٣) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (د)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، ل٣٤٣.

(٢٤) محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٢٨.

## لیستی سەرچاوەکان:

### ١) سەرچاوە کوردییەکان:

### أ. کتێب:


١. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردو شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

٢. پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٣. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (د)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥. سافیە محەمەد ئەحمەد (د)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٦. سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەریی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
٧. فازیل مەجید مەحمود (د)، سروشت لەشیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٨. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢.
٩. ناز ئەحمەد سەعید، لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٠. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.

**ب. نامەی ئەکادیمی:**

١١. هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.

**ت. فەرهەنگ:**

١٢. فاضل نظام الدین، فەرهەنگی شیرین(عەرەبی-کوردی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**ث. دیوان:**

١٣. مەلا عەبدوڵلای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی (ئومێد ئاشناو کامیل عەبدوڵلا کەریم)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**٢) سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**أ. کتێب:**

١٤. عاطف جودة نصر (د)، الرمز الشعری عند الصوفیة، الطبعة الأولی، دار الأندلس، بیروت-لبنان، ١٩٧٨م.
١٥. علی جعفر العلاق (د)، فی حداثة النص الشعری (دراسة نقدیة)، دار الشروق للنشر والتوزیع، الطبعة الأولی، لبنان-بیروت، ٢٠٠٧.

**ب. نامەی ئەکادیمی:**

١٦. سحمدی برکاتی، الرمز التاریخی و دلالته فی شعر عزالدین میهوبی، رسالة ماجستیر، کلیة الأداب والعلوم الأنسانیة، جامعة العقید الحاج الخضر-باتنة، ٢٠٠٩.
١٧. ثائر محمد جاسم الجبوری، الصورة الشعریه عند شوقی، رسالة ماجستیر، کلیة الأداب، جامعة المستنصریة، ١٩٨٩.

**ت. فەرهەنگ:**

١٨. أبن منظور(جمال الدین محمد أبن المکرم): لسان العرب، المجلد الخامس، الطبعة السادسة، دار صادر، بیروت-لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٢٢-٢٢٣.

١٩. جبور عبدالنور (د)، المعجم الادبي، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، ١٩٨٤م:ص٦٩.

**Abstract:**

This study is entitled **‘Symbol in Mufti Penjweni’s Poems’**. Poetic symbol is an indirect reference that familiarises reader to the hidden meanings. Symbol has not been away from life developments, but it has taken a wide area of life. Mufti Penjweni very efficiently used symbol in his poetic text for various purposes and reasons to express his deep-rooted feelings.

The cause of selecting this subject refers to both the importance of symbol by the poets in ther using and analyzing and opening the codes by the readers, the poet ( mufti penjweni) was one of the poets that has singnificance role in using the symbols, but until now there hasn´t been cmy research on this subject i his poens - thus, it is necessary to shed light on this subject.

The aim of this research exhibts and analyzes symbols that ( mufti penjweni ) used in his poetic texts. To reach this aim, we adopt analytic description.

The study consists of two sections and introduction, in which the first section includes an overview of symbol and poetic symbol sources in Mufti Penjweni’s poetic texts.

In the second section, symbol types (subject and object) are referred to in the poetic texts of Mufti penjweni.

In the conclusion, the summary of the results, the references and the abstract of the study in Kurdish, Arabic and English are illustrated.